# مارکس و هەڵوێست لە ئایین

هادی محمود

hadimahmoed@hotmail.com

تێڕوانین و حاڵی بوون لە هزرو میتۆدی مارکس، کارێکی سانا نییە. چاکترین ڕێگاش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، گەڕانەوەیە بۆ بەرهەم و شـاکارەکانی مـارکس، هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانین ئەو سنوورانە ببەزێنین، کە لەمەوپێش لەلایەن یاران و نەیارانی مارکس لەیەك کاتدا، دەستنیشان کرابوون و، ئەنجامەکەشی شێواندنی مۆرکی مەعریفییانەی میتۆدی مارکس و وتەکانی بوو.

نـاوەڕۆکی بـیری مـارکس لەوەدایـە کـە شۆڕشـێکی کۆمەڵایـەتی سەرانسـەریی بـووە. ئـەم شۆڕشـە فەلسەفییە، بە پێچەوانەی هەموو قوتابخانـە فیکری و فەلسەفییەکانی دیکە، بێلایەنیی خۆی نەشاردۆتەوە، زۆر بە ئاشکرا لایەنداری خۆی ڕاگەیاندووە و، لەسەرەتاوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەگەر قوتابخانە فیکرییەکانی دیکە تەنها خەریکی شیکردنەوە بوونە، ئەوا ئەم (مەبەست بیری مارکسە)، ئـەنجامدانی گۆڕانکـاری کۆمەڵایەتی بەمانا فراوانەکەی، بە ئەرکی خۆی دەزانێ ، هەروەها بە بەڵگە بێلایەنی قوتابخانەکانی دیکەی بەدرۆخستۆتەوە.

فـیکری مـارکس هەڕەشـەی لـە بـەرژەوەندی چـین و نـاوەندە دەسـەڵاتدارەکان کـردووە، بۆیە ئەوانیش کەمتەرخەمییان نەکردووە، لە شـێواندنی ئـەم بـیرە و نامۆکردنی بنەماکانیو باس کردنی بە جۆرێکی قێزە وەنانەی ئەوتۆ، کە لەبەرچاوی خەڵکی بکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لە یارانی ئەم فیکرە و هەڵگری ئەم پەیامە سیاسییە، کە ناوەندێکی فراوان بووە و، گومان لە دڵسۆزی و، وەفاداری و تێکۆشانی زۆربەیان ناکرێ، بە شێوەیەکی سادەیی ئەوتۆ مامەڵەیان لە گەل ئەم بیرە کردووە، کە زیاتر بۆ بەهەندو بەڵگە هێنانەوە، بۆ هەڵوێسـت و کـاری سیاسـی ڕۆژانە، بەکاریان هێناوە، زیاتر لەوەی وەکو میتۆدێکی مەعریفی و تێڕوانینێکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی یاسا گشتییەکانی گۆڕانکارییەکان و، لە ئاستی بوونیدا وەك شۆڕشێکی فەلسەفی مەزن .

لـە ڕیزی ئـەو تێکۆشـەرو کەسـە دڵسـۆزانەو، ئـەو گـروپە سیاسـییانە، کـەم نـین ئەوانـەی کـە پێیان وایە، تەنها بە گوتن، یان بە تۆمارکـردنی ئـەوەی کـە پشـت بە مارکسیزم– لینینزم– دەبەستن، بەسە بۆ ئەوەی خۆیان و حزبەکەیان لە هەموو هەڵەو شیکردنەوەی ساکارو سادەیانە بپارێزن و، کاروانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەلامەتیو سەرکەوتن بگەیەننە شوێن و هەواری چاوەڕوان کراو.

لە ناوەندی ئەم کەسە دڵسۆزانە، زۆرن ئەوانەی کە مامەڵە لەگەل تێڕوانینی مارکس، سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگای گوتـنەوەی چـەند وتەیەکی مارکس دەکەن. ئەم کارەشیان بە جۆرێکی ئەوتۆ، ئەنجام دەدەن، کە ئەو وتانە لە ڕەوتی گشتی نووسین و پەرەگرافەکە، دادەبڕن.

نموونەی ئەم دیاردەیە زۆرەو، یەکێك لەوانە وتەی : (ئایین تلیاك (ئەفیونی) گەلانە)، کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وتەیەکی ئێجگار باوەو، زۆرجاریش لەو وڵاتانەی کە ڕەوتی ئایینیی تیایاندا باوە، بۆ دژایەتی کردنی مارکسیزم، بەکارهێنراوە.

بزووتنەوە سیاسییەکانی دژ بە مارکسیزم، هێندە بە فراوانی ئەم وتەیەی (مارکس)یان بەکارهێناوە بۆ دژایەتی کردنی مارکسیزم، ئەگەر لـە هەر کەسێك کە ڕادەیەکی کەمی بایەخدانی بە مەسەلە سیاسییەکان هەبێو، پرسیاری وتەیەکی (مارکس)ی لێبکەی، ئەوا بێ دوو دڵی دەڵێ: ئایین ئەفیونی گەلانە.

بـە فـراوان بەکارهێـنانی ئـەم سـێ وشـەیە، وای کردووە تەنانەت کەسانێکی شۆڕشگێرو، خوازیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو، یارانی مارکسـیش، هەڵوێسـت و حـاڵی بوونـیان لە ئایین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، تەنها لەو سێ وشەیەدا خۆی ببینێتەوە. بەشێك لەو کەسـانە ڕاستەوخۆ هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە سەبارەت بە هەموو دیاردەیەکی ئایینیو ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، وەردەگرن. بەشێکی دیکەیان دەکەونە ڕتمی ناکۆکی نێوان ئەو سێ وشەیە کە بەدەقێکی پیرۆز دایدەنێن و، واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕتمی ژیانی

©Kurdistan Net

خـەڵکی، کـە بەچـاوی خۆیان دەیبینن و، پێیان وایە باشترین چارەسەرکردن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییەی نێوان (پیرۆزی دەق و سێ وشـەکە)لـە لایـەك و، واقـیعی ژیـان وئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین لەلایەکی دیکەوە، لە ڕێگای داخستنی دەرگای گفتوگۆوە ئەنجام دەدرێ‌و، بەم شێوەیەش دەق بە پیرۆزی دەمێنێتەوەو،لە هەمان کاتدا ناچنە ناو باسەکەوە بە مەبستی ڕێزگرتنی موقەدەساتی خەڵك.

ئایین ئەفیونی گەلانە

ئـایین.. ئەفـیونی گەلـە، رسـتەیەکە لـە پەرەگرافـێکی گەورە لە کتێبی (پێشەکییەك بۆ رەخنەگرتن لە فەلسەفەی ماف یان یاسا لای هیگل)

ئەم پەرەگرافە بەم جۆرە هاتووە:

(ئـازاری ئایـینی، دەربڕیـنی ئـازارێکی فیعلیـیە. لـە هـەمان کـاتدا نارەزایی دەربڕینە لەسەر ئەو ئازارە فیعلییە. ئایین هەناسەدانەوەی کەسێکی چەوسـاوەیە، وەك دڵدانەوەیـەك وایـە، لـە جیهانـێك کە دڵی تیادا نییە.. وەکو رۆح وایە لە ژیانێکدا کە رۆحی تیادا نییە، ئەفیونی گەلە).

ئەگەر زۆر بە وردی ئەم پەرەگرافە بخوێنینەوە، چی دەردەکەوێ؟

+ مـارکس وشـەی "ئەفیونی گەلە"ی بەکارهێناوە، نەك ئەفیونی گەلان، کە نەیارانی بە مەبەستی تایبەت لە نێو کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بلاویان کردۆتەوەو، هێندە بەفراوانی بەکاریان هێناوە کە کەسانی سەر بە قوتابخانەی (مارکس)یش، دووبارەی دەکەنەوە.

+ وشـەی "ئەفـیونی گەلـە" لـە کۆتایی پەرەگرافێکدا لەلایەن مارکسەوە بەکارهێنراوە، کە باس لە رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگاو کارتێکردنی ئیجابییانەی لەسەر تاکەکەس دەکات.

ئەگەر ئـەو دوو وشـەیە لە رەوتی هەموو پەرەگرافەکەدا تەماشا بکرێ، ئەوا زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە مارکس لە میانەی رەخنەو کەمکردنەوەی رۆڵی ئایین بەکاری نەهێناوە.

مـارکس ئـەو وتـەیـەی بەکارهێـناوە لـە چوارچێوەی باسکردنی ئایین وەك دڵنەوایی کردن بۆ مرۆڤێك کە لە جیهاندا زۆر شتی تیادا لە دەستداوە. وەك چارەسەرێك کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبا، بۆ هەناسە هەڵکێشان و هێور کردنەوەی باری دەروونی خۆی بەهۆی ئەو بێبەشی و نەهامەتییەی دووچاری بۆتەوە. وەزیفەی ئایین لەم پەرەگرافەی مارکسدا، دڵنەوایی کردنە بۆ مرۆڤێك کە دووچاری چەندین شێوازی چەوسـانەوەو داپڵۆسـین بـووە. جیهانـێك کـە دڵ و روحی تیادا نەماوەو ئایین وەزیفەی دڵ و روح دەبینێ. جیهانێك هەموو ئاسۆیەکی گەشـی لـە مرۆڤ سەندۆتەوە، جا بۆیە مرۆڤ ناچارە پەنا دەباتە بەر ئایین، بۆ ئەوەی خەون بە ژیانێکی دیکەی پاك و جوان ببینێ. کە خۆشـتربێ لـەو ژیانـەی تێیدایە. ئـایین لـێرەدا رۆڵی هیوا بەخشین بە دوارۆژ دەبینێ،بە یەکسانیو عەدالەتێك کە مرۆڤ خوازیاریێتیو بەشێوەیەکی عەمەلی پێی نەگەیشتووە.

بـەلام ئـەوەی باوە لای نەیاران و یارانی مارکس ئەوەیە، کە خەڵکی دەبێ خۆی لە ئایین دووربخاتەوە، چونکە ئایین زیان بەخشە و وەك تلیاك (ئەفیون) وایە بۆ گەلان.

ئـا لـێرەدا، سـادەیی لـە شـیکردنەوەی وتەکـەی مارکس، زیانێکی ئێجگار گەورە نەك تەنها بە میتۆدی مارکس دەگەیەنێ، بەڵکو لە هـەمان کـاتدا زۆر دوورە لە بنەما زانستییەکان بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقەکان، چونکە هەر رستەیەك یان دەقێك لە رەوتی گشتی بابەتەکە، دابـبڕدرێ، ئەوا جگە لە شێواندنی بۆچوونەکە، هیچ ئاکامێکی دیکە نایەتە دی.

نموونـەی ئـێجگار زۆر هەیـە لەسـەر ئـەم ڕێـبازە هەڵەیـە لـە شـیکردنەوەی دەقـدا، لەوانەیـە ئەگـەر ئایـەتی ( ولا تقربوا الصلاە) لە تەواوکەرەکەی دابـبرێ کە (وانتم سکاری)یە، ئەوا مانایەکی پێچەوانەی تەواومان بۆ دێتە کایەوە.

هەڵـبەتە شیکەرەوەکان بـەم حاڵەتـەی کـە لـەو نموونەیـەدا باسـم کـرد، قـایل نـابن، بـەلام زۆربـەیان لەگـەڵ بابەتەکەی مارکس بە مەنهەجێکی دیکە مامەڵە دەکەن. لێرەدا لەوانەیە هەندێکیان بڵێن کە وتەکەی مارکس قسەی مرۆڤەو ئەو نموونەیەی کە باسی دەکەی،

©Kurdistan Net

قسەی پیرۆزی خودایە. لێرەدا مەبەستم خاوەن و ناوەڕۆکی قسە و وتەکە نییە، بەڵکو ڕێبازو میتۆدی مامەڵە کردن لەگەڵ هەر دەقێك کەخاوەنێکی دیاریکراوی هەبێ.

گومانم لەوەدا نییە، کە شیکردنەوەی بابەت و وتەکەی مارکس بەو جۆرەی کە لەنێو خەڵکیدا شێواوەو ، لە ڕەوتی پەرەگرافەکەدا دابڕاوە، کارێکی نیاز پاکانە نییەو، بە مەبەستی شێواندنی هزری مارکس ئەنجام دراوە، چونکە ئەو هزرە ئامرازو چەکی گۆڕانکاریو زیان گەیاندنە بە چەوسێنەرو زاڵمەکان، لە کاتێکدا کە زۆر ئاشکرایە لە تێکرای پەرەگرافەکەدا، ئەو وەزیفەیەی ئایین کە مارکس ئاماژەی بۆ کردووە، کپ کردنەوەی ئازارە دەروونیو گشتییەکانە، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو تاکەکەسی سنورێك بۆ ئەو قەیرانە دادەنێ.

وتەکەی مارکس باس کردنی حاڵەتێکە و ڕاپۆرت دانە لەسەر وەزعێك کە لە ئارادایە، باس لە ڕۆڵ و ئەرکێك دەکات کە ئایین دەیبینێ، بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ.بێ ئەوەی مارکس خۆی ئەم ڕۆڵە دروست بکات و، هەروەها بێ ئەوەی داواکارییەك بێ بۆ ناشیرین و قێزەوەن کردنی ئایین.

+ مەبەست لە باسکردن و شیکردن و خستنەڕووی ئەو وتەیەی مارکس لە ڕەوتی ئەو پەرەگرافەی کە هاتووە، بیانوو هێنانەوە نییە یان پروپاگەندە نییە بۆ مارکس و، دەست نیشان کردنی وەك کەسێك یان فەیلەسوفێکی ئایین پەروەرو دین دار.

مارکس وەکو زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکانی سەردەمی، کەسێکی مادی بووەو ئایین پەروەر نەبووە. هەڵبەتە بزووتنەوەی نەیارانی ئایین لە بواری فیکرو فەلسەفەدا بەگشتی، پێش مارکس هەبووەو دوای مارکسیش بەردەوام بووە. دەتوانین بڵێین کە لە فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامیدا (ئەم دەستەواژەیە وەك چەمك بەکاری دەهێنم، نەك وەك عەقیدەی ئایینی) کەسان و فەیلەسوفی بێ دین هەبووە.

لە فەلسەفەی ئەوروپادا دەتوانین کۆمەڵێك ناوی پێش مارکس و دوای مارکس بژمێرین. لەوانە : دیدرو، لامتری، دولباخ، سپینوزا، برتراند راسل. هایدگر، سارتەرو کەسانی دیکەش.

لە وڵاتی ئێمەدا ئەو کۆمەڵە ناوە، بە فەیلەسوف و، ڕووناکبیری گەورەو ماقول ناسراون و، هیچیان لە ڕوانگەی هەڵوێستیان لە ئایینەوە، لە نێو کۆمەڵ و، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، شاڵاویان دژ نەکراوە. بەڵام کە کار دەگاتە سەر مارکس، ئەوا بۆ خوێنەوارو تاکەکەسی نێو کۆمەڵی ئێمە، بە دوژمنی ژمارە یەکی ئایین، پێشکەش دەکرێ.

+ ناساندنی مارکس بە خەڵکی، بە دوژمنی ژمارە یەکی ئایین، لەوە هەڵنەقولاوە، کە مارکس هەڵوێستێکی دیاریکرواى سەبارەت بە ئایین هەیە یان فەیلەسوفێکی ماددییە، بەڵکو سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیری مارکس شەونەخوونیو ئازاری بۆ سەرمایەداران و چەوسێنەران بە گشتی، دروست کردووە،چونکە مۆرکی ڕاستەقینەی چەوساندنەوەی چینایەتی خستۆتەڕوو، لەمەش زیاتر ئەلتەرناتیڤی سەرمایەداری خستۆتە ڕوو و، بانگەشەی بۆ هێڵە سەرەکییەکانی سۆسیالیزم و نەمانی چەوساندنەوە کردووەو، ئەمەش زووخاو کردنە بە دڵی چەوسێنەرانەوە. بۆیە دژایەتی کردنی مارکس و مارکسیزم، لەو خاڵەوە سەری هەڵداوە، نەك بە هۆی هەڵوێستی مارکس لە ئایین.

+ هەڵوێستی چەوسێنەران و ئەوانەی لە بواری فیکریدا داکۆکییان لێ دەکەن، جێگای لۆمە نییە، چونکە ئەوان زۆر بە جوانی و ڕاشکاوی و ئاشکرایی، بەرەو سەنگەری خۆیان دەستنیشان کردووەو، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، شێواندنی چەمکەکانی مارکس، کارێکی ئاساییە لایان، هەر لەو ڕێگایەشەوە، توانیویانە کەلێن و بۆشاییەك لە نێوان خەڵکی زەحمەتکێشی ئایین پەروەر لەلایەك، لەگەڵ هەڵگرانی بیری مارکسیزم لەلایەکی دیکە، دروست بکەن.

بەڵام ئەوەی جێگای لۆمەیە، بەرەی خۆمانە، بەرەی هەڵگرانی بیری مارکسیزم کە هەندێ جار لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەسەلە ئاڵۆزەدا، هەمان بەو عەقڵیەتە مامەڵە دەکەن، کە لەلایەن دوژمنانی مارکسیزم سەبارەت بە هەڵوێستی مارکس لە ئایین، لە نێو کۆمەڵدا داڕێژراوە. بەشێکی زۆری ئەوانەی لە بەرەی سوسیالیزمدان، بێ شیکردنەوەی وتەکەی مارکس و زانینی پەیوەندی نێوان دەق و واقیع،

©KurdistanNet

لەسەر هەمان ئەو سێ وشەیە هەڵوێست وەردەگرن. بۆیە کەسانێکی پێشکەوتنخواز دەبینین بێ هیچ وردەکاری‌و شیکردنەوەیەك کە باس لە ئایین دەکەن، راستەوخۆ ساوایانە دەڵێن، ئایین ئەفیونی گەلانە، و پێویستە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە، بەم جۆرەش ئەو کەلێن و بۆشاییەی کە چەوسێنەران لە نێوان زەحمەتکێشانی دیندراو، مارکسیستەکان، دروستیان کردووە، قوڵتر دەبێتەوە،ئەمەش خزمەتێکی دیکەی بەرژەوەندی چەوسێنەران و دوژمنانی سۆسیالیزمە.

هەندێکی دیکەش هەن درك بەو ناکۆکیانە دەکەن کەلەنێوان دەق و واقیع دایەو، دەیانەوێ ناوەندی زەحمەتکێشانی ئایین پەروەر لە خۆیان نەکەن، بەڵام نەك لە رێگای چوونە ناو گفتوگۆو پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەو درۆیانەی کە چەوسێنەران دژ بە فیکری مارکس ئەنجامیانداوە، بەڵکو لە رێگای داخستنی دەرگاکانەوە.

+یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە لە فەلسەفەدا هەیەو، بەشێکە لە میتۆدی مارکس، مەسەلەی پەیوەندي فیکرە بە واقیعەوەو، لەوەشەوە پەیوەندی نێوان دەق و واقیع دێتە کایەوە و دەست نیشان دەکرێ.

بۆچوونی مارکس لەم بارەیەوە لەسەر بناغەی بەرهەمێهنانی فیکرە لەسەر بناغەی واقیع. ئەمەش وادەکات کە پیرۆزی‌و رەهایی لەسەر دەق لاببات و، بیکاتە زێدەی واقیعێك کە بێگومان هەردەم لە گۆڕانکاری دایە.

بەشێکی زۆر لە هزرمەندانو رووناکبیرانی بواری فیکری ئیسلامی، نەك ئێستا، بەڵکو لەسەدەی یەکەمی هیجرییەوە، توانیویانە هاوکێشەیەکی ئەو تۆ لە نێوان دەق و واقیع دروست بکەن، کە دەق سەرەڕای هەموو رەهایی‌و پیرۆزی‌لە فیکری ئایینیدا، بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دا بکەن، کە لە خزمەتی واقیع و پێداویستییە هەمیشە گۆڕاوەکانی خەڵکی‌دا بێ‌و، لەم بوارەشدا پەنایان بردۆتە بەر هەندێ دەق بۆ خزمەتکردنی بۆچوونەکانیان و، دروست کردنی ئەو هاوکێشە لە بارە کە خزمەتی واقیع بکات.

بەڵام ئەم ئەرکە لە ریزی هەندێ لە حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی مارکس، بە ئاسانی و لەسەر بنەمای دیالیکتیکەکانی مارکس، کە خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، ئەنجام نادرێ.

مارکسیستە ئەرتۆدۆکسییەکان، کارتی تەکفیر بە مارکسیزم دژ بە زۆر هەوڵی فیکری بۆ سەر لە نوێ خوێندنەوەی مارکسیزم، بەکاردەهێنن و، بەم جۆرە تابۆیەکی گەورە لە جۆری تابۆی ئیسلامییە توندڕەوەکان، دژ بە یەکێك لە بنەما سەرەکییە فیکرییەکانی مارکس، بەکار دەهێنن، بەڵام ئەمان لە پێگەیەکی بەناو مارکسیزمانەوە.

+ ئەگەر بۆچوونە بنەمایەکانی مارکس، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان فیکرو واقیع، لە سەر هەڵوێستی مارکس سەبارەت بە ئایین، جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هەڵوێستی مارکس سەبارەت بە ئایین، بە شێوەیەکی وەحي لە ژوورێکی داخراودا، بەسەر مارکسدا دانەبەزیووە،بەڵکو ئەو هەڵوێستە بەرهەمی ئەزموونی ژیانی رۆشنبیرێکی رۆژئاواییە، کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا، لە کەلەپوورو بەهاکانی ئایینی جووو مەسیحی وەك دوو ئایینی گرێدراو بە یەکتر، لە باری فیکرو، سەرهەڵدان و پەرەسەندنەوەو، سەروەربووەو، کاری کردۆتەوە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە.

مارکس جیابوونەوەی خۆی‌و، دابڕینی فیکری خۆی لەو بەها باوانەو، ئەو کارانەی کە پەیڕەو کراون، راگەیاندووە.

مارکس لە نووسینەکەیدا (مەسەلەی جوو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "کەمەسەلەی جوو بنەماو بناغەیەکی دنیایی هەیە". ئەو بناغەیەش لە "پێویستی عەمەلی‌و، هەوڵدان، بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییە زاتییەکان، دەست نیشان دەکرێت".

مەسەلەی بوونی بەرژەوەندییە دنیاییەکان زۆر لە پێشەوە لەلایەن مارکس دەست نیشان کراوە، تا ئێستاش ئەم بۆچوونە زیندوویەتی ماوەو، وا ئەمرۆ دەبینین چۆنەو بە چ شێوەیەك حزبە ئایینییە جووەکان لە ئیسرائیلدا، هەموو ئامۆژگاری‌و وتەکانی "کتابی کۆن" (العهد القدیم)، بۆ بەرژەوەندی رۆژانەی سیاسییانە بەکاردەهێنن و، هەر لەو سەرچاوەیەوە مافی گەلی فەلەستین پێشێل دەکەن.

مارکس پارەو پول بە خوداي ئیسرائیل دادەنێ، کەچی بەشێکی زۆری ئیسلامییە توندڕەوەکان کە ناوی مارکس دێت، بە فەیلەسوفێکی جووو زایۆنیزم لە قەڵەمی دەدەن و، مارکسیزم بە بدعەیەکی جووو، پلان و مانۆرێکی زایۆنیزمی جیهان، دادەنێن.

©Kurdistan Net

مارکس دژ بە دەسەڵاتی کەنیسە بوو. ئەو کەنیسەیەی کە دادگای تەفتیش و تەنووری ئاگری بۆ رووناکبیران ئامادە دەکرد.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا کەنیسە (جۆردانۆ بردنو)ی شەهید کرد، چونکە باوەڕی بە سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، هەبوو. ژیانی رووناکبیرو فەیلەسوفەکان پڕ نەهامەتی و مەینەتی و کێشەبوو، بە بۆنەی دەسەڵاتی کەنیسەوەو، نموونە وەك گالیلۆو دیکارت و سبینۆزاو بیکون و هۆبز زۆر بوون،کە بوبۆنەی دەسەڵاتی کەنیسەوە،دوو چاری ئازارو ئەشکەنجە بوون.

ئەم تابلۆیەی کە کەنیسە تیادا ئەو رۆڵە سەرکوتکەرانەیەی دەبینی، کاروانێکی بەردەوام بوو، تەنانەت بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی، کە مارتن لۆتەر سەرۆکایەتی دەکردو،بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان خوداو مرۆڤدا دروست بێدوور لە دەست تێوەردانی ئەو دام و دەزگا پڕ فەسادەی کەناوی کەنیسە بوو، ئا ئەم بزووتنەوەیە، هەڵوێستی زۆر وەحشیانەی گێرا دژ بە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە هەڵوێستی ئەم بزووتنەوەیە لە شۆڕشی جوتیاران بەسەرکردایەتی تۆماس مونتر لە ساڵی ١٦٢٦دا، کە داوای مافی مرۆیی بۆ جووتیاران دەکرد.

لۆتەر داوای داپڵۆسینی ئەم شۆڕشەی کردو، ئەمەش بە قەسابخانەیەکی گەورەی ناسراو لە مێژووی ئەوروپادا تۆمار کراوە.

ئەم هەلومەرجە، ئەو رۆڵەی کە ئایینی مەسیحیو جوو لە نێو کۆمەڵگا دەیگێڕا، وای کرد بەشێکی زۆری رووناکبیران دژی ئایین بن، کە لە ناوەڕۆکیشدا دژایەتی کردنی دەسەڵاتی کەنیسەبوو. بەشێکی هەرە زۆری ئەو رووناکبیرانە هەڵگری فیکری سۆسیالیزم نەبوونو باوەڕیان بە ماتریالیزمی دیالیکتیکیو مێژووی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژ بە دەسەڵاتی ئایین بوون. لەمەش زیاتر لەو ناکۆکی و دژایەتییەی لە نێوان ئایین و دەسەڵاتی کەنیسەو، رووناکبیراندا هەبوو، ژمارەی رووناکبیرە سوسیالیستەکان کەم بوو.

بەڵام ئەمڕۆ ئەو مێژووە بە شێوەیەکی لنگەو قووچ لە خەڵکی وڵاتی ئێمە دەگەێنرێو، دژایەتی دەسەڵاتی ئایینی بە شێوەیەکی مێژوویی، بە هەڵگرانی بیری سۆسیالیزمەوە دەبەسترێتەوە.

بێگومان ئەمەش پەیوەندی هەیە بە رۆڵی ئایین لە سەردەمی مارکسدا و جیاوازی بوونی لەگەڵ رۆڵی ئایین لەم سەردەمەداو، لە هەمان کاتدا دابڕینی ناوەندە ئایین پەروەرەکان لە بیری سۆسیالیستی کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و عەدالەت و یەکسانی، ئەنجام دەدات.

+ ئایین لە سەردەمی مارکسدا بەکار دەهێنرا بۆ ئەوەی خەڵکی دژ بە چەوسێنەران و، دژ بە کەنیسە، نەجەنگێن. بۆیە هەڵوێستی مارکس بەندە بەو رۆڵەی کە هەردوو ئایینی جوو مەسیحی، لەو سەردەمە دیاری کراوەدا دەیانبینی. بەڵام ئایا دەکرێ ئەم هەڵوێستە وەکو یاسایەك فۆتۆکۆپی بکرێو، لە هەلومەرجی ئەمرۆدا چ لە رۆژئاوا، یان لە رۆژهەڵات مامەڵەی پێ بکرێ؟!

ئەگەر بە شێوەیەکی عەمەلی تەماشای رۆڵی کەسانی ئایین پەروەر بکەین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا، ئەوە تابلۆیەکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێ.

هەر لە سەرەتای مێژووی وڵاتە ئیسلامییەکانەوە، دەردەکەوێ کە چۆن دەسەڵاتداران پەنایان بردۆتە بەر دەقە پیرۆزەکان بۆ بەلگەهێنانەوە بۆ بەردەوام بوونی حوکم و، دەسەڵاتیان.

مەسەلەیەکی خۆڕسك نییە کە ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەوڵەتی ئەمەوییەکان فیکری (جبري) بووەو، بوونیان و دەسەڵاتیان بە مەسەلەیەکی چارەنووس نووسراو ئیرادەی خودا داناوە. هەروەها مەسەلەیەکی خۆڕسکی نییە، کە تەنانەت بەرهەڵستکاران بەم رژێمە (دەوڵەتی ئەمەوییەکان)، پەنایان بردۆتە بەر فیکری (قدری)و بانگەشەی ئازادی ئیرادەی ئینسانیان کردووە لەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ خودادا هەیەتی.

(قدری)و (جبری)و(معتزله)و (ئەشاعرە)، هەر هەموویان سەرچاوەکانی خۆیانیان لە ئایەت و دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام وەرگرتووە. بەڵام رۆڵی (قدری)یەکان و معتزلەکان رۆڵێکی پێشکەوتنخوازانەو دژ بە دەسەڵات بووە. لە کاتێکدا رۆڵی ئەوانەی دیکە بە پێچەوانەوە.

زۆربەی شۆڕش و راپەڕینە جەماوەرییەکان دژ بە دەسەڵاتی خەلیفە پشتی بە دەقە ئایینییەکان بەستووە. کۆمەڵگای ئیسلامی لە دەرەوەی یاساکانی مێژوودانەبووەو، بنەمای ناکوکی و ململانێیەکان، لەسەر دەسەڵات و حوکم و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بووە.

©KurdistanNet

بـەڵام لـە هەمان کاتدا سەرخانی هەردوو لا کە بەگژ یەکتردا چوونە، هەمان سەرخانی ئایینی بووەو. ئایین ئایدیۆلۆژیا بووە، بەڵام بە دوو فاقی جیاواز.

لـە جیهانی مەسیحیدا، ئاشکرایە کە چۆن لەسەر دەمی رزگاری گەلاندا، پیاوانی ئایینی مەسیحی، وەك گروپی (لاهوت التحرير) لە ئەمریکای لاتیندا، رۆڵێکی شۆرشگێرانەیان بینیووە.

جا لەم هەلومەرجەدا ناکرێ، رۆڵی ئایین بە گشتی بە رۆڵێکی نێگەتیڤانە یان پۆزەتیڤانە دابنرێ. بەم جۆرە تێکەڵ و ئاڵۆزیەوە، دەبێ تەماشـای دیـاردەی ئاییـنیو رۆڵ و ئـەرکی ئـایین لـە کۆمـەڵدا بکەین، نەك لە رێگای خەت بەسەر داهێنانی بەراست و چەپدا، یان تەماشا کردنی وەك مەسەلەیەکی رەهاو نەگۆر.

لەمێژووی هاوچەرخي ولآتە ئیسلامییەکاندا، زۆرن ئەو پیاوو، موفەکیرە ئیسلامییانەی کە داکۆکی لە رژێمەکان دەکەن، هەر چەند ئەو رژێمـە زاڵـم و تاوانبار بێ، لە هەمان کاتیشدا زۆرن ئەوانەی کە ئیمان و دیندارن و رووناکبیری ئایینین و، لە ریزی گەلەکەیان دان و، دژی دەسەڵآتن.

جگـە لەمەش ناوەندی کەسانی دیندارو، ئەوانەی کە ئەرکە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەن، بەشێکی فراوانی ئەم گەلەن و، مەرج نییە لایەنگری حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بن.

لـە مـێژووی حزبی شیوعیدا زۆر جار، مامۆستای ئایینی هەبووە، لە ریزی حزبدا کاری کردووە. جگە لەمەش تا ئێستا کەسانێکی زۆر هـەن کـە ئەرکە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەن و، لە هەمان کاتدا تێکۆشەری راستەقینەن لە ریزی حزبی شیوعیدا، چونکە شوێنەواری چـینایەتی خۆیـان دەزانـن. ئەو شوێنەوارە چینایەتیو ئەو ئیلتیزامە بە حزبەوە، لە هیچ کاتێکدا رێگای لەوە نەگرتووە کە ئەو کەسانە ئەرکە ئایینیەکەیان جێبەجێ بکەن، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر هەر نوێژکەرو رۆژ وگرێك بەلایەنگری حزبە ئیسلامییەکان دابنێین و، بەم جۆرەش نەخشەی حزبە ئیسلامیەکان جێبەجێ دەکەین، بێ ئەوەی نیازی ئەوەمان هەبێ.

+ لـە مامەڵـە کردن لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکاندا، ئەو مەسەلەیەی کە دەبێ بخرێتە روو، مەسەلەی ئیمان و باوەڕ یان مەسەلەی کفرو بێ باوەڕی نییە، چونکە مەبەست لە دامەزراندنی حزبی شیوعیو بوونی، ئەوە نییە کە تێکۆشان لە پێناو کفردا هەبێ. بەڵکو لە ریزي حزبدا کەسانی دیندارو کەسانی بێ باوەڕیش هەن و، ئەمەش پێوەری هاتنە نێو ریزي حزب نییە.

پـێوەرو بەرنامـەی حـزب و تێکۆشـانی، پـەیوەندی بـە تێکۆشانی سیاسیو کۆمەڵآیەتیو ئابووریو رۆشنبیری هەیە. ئەو ئەرکانەش لە بەرنامـەو بۆچـوونەکانی حزبدا دەست نیشان کراون. هەر ئەو بۆچوونانەش بناغەی پەیوەندی حزبی شیوعییە، لە مامەڵە کردن لەگەڵ حـزبە ئیسلامییەکانداو، هەر لایەنێکی گەش و پێشکەوتخوازو تێکۆشەرانە لە مێژووی ئیسلامیدا، ئەوا سەرچاوەیەکە بۆ حزبی شیوعی و تێکۆشـەرەکانی، بـێ ئەوەی ماوەی ئەوەش بدرێ کە خەڵکی دیکە بۆ داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان، بازرگانی پێوە بکەن.

©Kurdistan Net